

هەنووکە لە ئەدەبی جیهانیدا منداڵ یەکێ لە گرینگترین بەردەنگەکانە کە پسپۆڕانی ئەدەبی، بەردەوام بیر لە پەروەردەی ئەم مرۆڤە دڵ ناسک و شیرینە دەکەنەوە. ئەدەبیات کە هەمیشە وەک ماڵێکی گەرموگوڕ بۆ خوێنەرانیەتی، بۆ منداڵان چی دەکات؟ یان نووسەری کورد چۆن ئەم ماڵە گەرموگوڕە بۆ منداڵ ڕادەگرێت؟. بۆ زانیاری زیاتر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ نووسەر و وەرگێر خاتوو لەیلا ساڵحی ساز داوە. کە تێیدا هەوڵمان داوە بیر و ڕای سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان بە گشتی و دۆخی ئەدەبی منداڵانی کوردی بخەینە بەر باس.

## لەیلا ساڵحی:
## زۆرجار شیعر و چیرۆکی منداڵانی کورد دەبێتە گۆڕەپانی پەند و ئامۆژگاری و منداڵ دەتارێنێ و دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی لە خوێندنەوە.

سازدانی: کاوان محەمەدپوور
(بۆکان)

* ئەدەبیاتی منداڵان بەشێکی هەرە گرینگی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکە، کە سەرمایەیەکی دڵخۆشکەر بۆ پەروەردەکاری منداڵان پێک دێنێت. بە ڕای ئێوە چەندە لە نێو نووسەران و شاعیرانی کورد بایەخ بەم بەشە دەدرێت؟ ئاستی بەرهەم هێنانی ئەم بەشە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بە ڕای ئێوە هۆی ئەم کەمتەرخەمییە چییە؟

– من لەوە ڕا دەست پێ دەکەم، هەرچەند لە ئەورووپا و لە ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەدا، توانستی خوێندن و نووسین بۆ هەموو کەس ڕەخسا، مافی شارۆمەندی پێناسەکرا و منداڵانیش لەم ناوەدا مافیان پێ درا، کەچی لە ئێراندا و لە ئەدەب و دەروونزانی مرۆڤی ئێرانیدا هەر لە کۆنەوە گرینگی بە بابەتەکانی پێوەندیدار بە منداڵان دراوە، بۆ وێنە کەسانێکی وەک "خاجە نەسیرئەسینی تووسی"، "ئیبنی سینا"، "عونسورلمەعالی" لە نووسراوەکانیاندا ئاماژە بە شێوەکانی بارهێنانی منداڵان دەکەن و شێوەی تایبەتی بۆ پێناسە دەکەن، دواتریش لە سەردەمانی پێش مەشرووتە، "تالبۆف" و "میفتاحولملوک" و "سەنیعوسەلتەنە" و...تاد نووسراوەی تایبەت بە منداڵانیان هەبووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی تەمەنی خوێندن و نووسینی فەرمی لە ئێراندا ئێستا نەگەیشتووەتە سەدەیەک، ئاساییە کە ئەدەبی منداڵان جودا لە ئەدەبی زارەکی و بە شێوەیەکی نوێ و بە پێی خواستەکانی دەروونی منداڵان، هێندە بەهێز و بەپێز نەبێ، جا بەو پێیەش لە کوردستاندا بە سەرنجدان بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گەشەنەکردوویی و نەهامەتی و تەنگانەکانی کۆمەڵگای کوردی، بارودۆخەکە بۆ گەشەی ئەدەبی منداڵان زۆر چەتوونتر بووە، ڕاستییەکەی تا ئەو سەردەمەی کۆمەڵگا بە تەواوی هەلی خوێندەواری بۆ نەڕەخسابوو، هەروەها دەستی بە بنکەکانی خوێندن و نووسین ڕانەگەیشتبوو، تەنیا هەر ئەدەبی زارەکی بوو کە ڕۆڵی لە بارهێنانی زەینی منداڵی کورددا هەبووە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ لەو ناوەشدا ڕۆڵی چیرۆک لە هەموان گرینگتر و دیارتر بووە، جگە لەمانەش شتێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم ئەمەیە تا ئەو کاتەی چاخی منداڵی پێناسەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵگادا بۆ دەستەبەر نەکرابێ، ئەدەبی تایبەت بەو چینەش بە واتای تەواو ناخوڵقێ. لە کۆمەڵگای کوردیدا، تەنانەت تا ئەو دواییانەش منداڵان پاش ئەوەی داوێنی دایکیان بەردەدا و پێڕەوکە دەبوون، چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرا وەک مرۆڤێک لە ڕادەی توانایی خۆیاندا یارمەتی بنەماڵە بدەن و لەبەرهەم هێنانە ئابوورییەکاندا بەشدار بن، کەوابوو منداڵ وەک کەسێکی نقوستان لە مرۆڤ پێناسەکرابوو، نەک وەک مرۆڤێک کە پێداویستی دەروونی جیاوازی لە مرۆڤی گەورە ساڵ هەیە و پێویستە شێوەی بارهێنان و گەشەکردنەکەی بە پێی خواستە دەروونییەکانی بڕەخسێنرێ، کەوابوو ناکرێ ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت کە کۆمەڵە نووسراوەیەکی زۆر باش و بەکەڵک و شوێندانەر لەم بوارەدا بخوڵقێ، چونکە وەک باسمان کرد هێشتا واتایەک بۆ چاخی منداڵی نەخوڵقابوو، ئاستی بەرهەم هێنانی ئەدەبی زۆر لاواز و یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەو لاوازییەش لە کۆمەڵگای کوردیدا هەر هەمان نەبوونی پێناسەیەکی دروست و کامڵ بۆ چاخی منداڵییە، واتە لاواز بوونی لایەنی هزری کۆمەڵگای کوردی لە پێوەندی لەگەڵ واتای منداڵیدا، کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی، هۆی سەرەکی لاواز بوونی ئاستی بەرهەمهێنانی ئەدەبی بۆ منداڵانی کوردە.

هەڵبەت پێویستە ئەوە بڵێم کە هاوکات لەگەڵ دەسپێکی نووسین بە زمانی کوردی کە بە پێی بۆچوونی زۆربەی خاوەن ڕایان ئەدەبی منداڵانی کوردی لە "خانی" ڕا دەست پێدەکا. خانی نەمر هاوکات لەگەڵ نووسینی "مەم و زین" کتێبێکی بە ناوی "فەرهەنگا نۆبەهار" بۆ منداڵان نووسیوە کە دەبێتە یەکەمین کتێبی ئەدەبی منداڵی کورد، کەوابوو سەرەتای ئەدەبی منداڵان لە باری مێژووییەوە نە تەنیا دواتر نییە لە ئەدەبی گەورەساڵ، بەڵکو دەتوانین بڵێین هاوکات، یان بە مەودایەکی کەم دوای ئەو لە قاڵبی پێکهێنانی فەرهەنگۆکێک بۆ منداڵاندا دەستی پێکردووە، بەڵام لە پاش خانی ئێمە بە دەگمەنیش نووسراوە شک نابەین کە بۆ ئەدەبی منداڵان تەرخان کرابێ، کەوابوو ئەدەبی منداڵانی کورد وەک ئەدەبی گەورەساڵ بەسەر هێڵێکی ڕاست و بە شێوەی بەرەودوا نە تەنیا گەشەی نەکردووە، بەڵکو دەرکەوتنی نووسراوە لەو ئاقارەدا تا ئەو دواییانەش هەر دەگمەن و لاواز بووە و کۆمەڵگای کورد مرۆڤی بەهرەمەند و

هاوکات خاوەن بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک خانی زۆر کەم لێ هەڵکەوتووە. ئەوەش بێ شک هۆ و هۆکاری خۆی هەیە. لەو چەند دەیەی دواییدا هەڵبەت وردە وردە بارودۆخەکە دەگۆڕدرێ و کەسانێکی وەک "کاکەی فەللاح" و "ع.ع. شەونم" و "گۆران" و "قزڵجی" و...تاد دەردەکەون کە شیعر و چیرۆکی تایبەت بە منداڵان دەنووسن هەندێک لە شیعرەکان وەک کتێب بڵاو دەکرێنەوە. ڕەوتەکە بەختەوەرانە درێژەی دەبێ و وردە وردە نووسەری کورد بیر لە ئەدەبی منداڵان دەکاتەوە و شیعری بۆ دەنووسێ و هەوڵی بۆ دەدا.

هەڵبەت پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەدەبی زارەکی بە تەنیا و بە درێژایی مێژوو، ئەرکی پەروەردەی بیری منداڵی کوردی تا ئەوڕۆ هەر لە ئەستۆ بووە و لەوە بەدواش هەر درێژەی دەبێ و دەبێتە هەوێنی ئەدەبی نوێ و سامانی ئەدەبی بۆ منداڵانی داهاتوو، بەڵام دیسان دەیڵێمەوە کە بەرهەمەکان بە سەرنجدان بە تەمەنی ئەدەبی کوردی یەکجار کەمن و جارێ زۆر زووە وەک کۆ بەرهەمێکی باش و بە پێز ناویان بێنین و هەڵیان بسەنگێنین.

لە لایەکی تریشەوە نەبوونی زانیاری پێوەندیدار بە ئەدەبی منداڵانەوە لە ناو نووسەرانی ئەو بوارەدا، خۆی خەسارێکی یەکجار گەورەیە. زۆر جار شیعری منداڵان دەخوێنییەوە کە بۆتە مینبەری مەوعیزە و ئامۆژگاری بۆ منداڵان و جاری وایە خوێنەر هەست دەکا کە ئەو شیعرە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بەردەنگی تایبەتی خۆی نییە و ناتوانێ لە ڕۆشن کردنەوەی زەینی بەردەنگی خۆیدا بەشدار بێ. وێنەکان یەکجار کۆن و سواون و زمانی شیعر جاری وایە لە تەمسیل و سروشت و جیهانی ئاژەڵەکان ناترازێ و هیچ داهێنانێک لە بواری نوێکردنەوەی ناوەرۆک و فۆرمدا ناخولقێ.

لە لایەکی تریشەوە بەرهەمە ئەدەبییەکان بەشی هەرەزۆریان لە خانەی شیعردان و زۆر دەگمەن چیرۆک و نۆڤلێت دەبینرێ کە ئەگەر هەشە هەر لە قاڵبی فابل دایە و هەرگیز نەیتوانیوە بواری جوانییەکان لە "کلیلە و دیمنە" تێپەڕ بێت، تەنانەت ناگاتە ئەو ئاستەش. لە لایەکی تریشەوە بەشێکی هەرە زۆری بەرهەمەکان لاساییەکی بێ قەوارە و هەڵەیە لە ئەدەبی منداڵی فارس، یان وڵاتانی دیکە کە منداڵی کورد ڕاناکێشێ، تەنانەت بە ڕای من دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی منداڵان لە ئەدەبیات و بچووک کردنەوەی زمانی دایکی، چونکە لە لایەکەوە منداڵی ئەوڕۆ لە ژێر کارتێکەری قورسی هونەر و ئەدەبی بیانیدایە کە بە هەموو جۆریک لە قاڵبی کارتۆن و ئامێری یاری و فیلم و جلوبەرگ و ئامرازی نووسین و...تاد پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەدەبی زمانی دایکی، تازە سەری هەڵداوە و زۆر بە ئیفلیجی لاسایی ئەدەبی منداڵانی ئەورووپا دەکاتەوە. سروشتییە بە هۆی داهێنەرانە نەبوون و ناکامڵ بوون، منداڵ چێژی لێ وەرناگرێت. مەگەر ئەوەی کە ئەدەبی زمانی دایکی کەشێکی خەیاڵاوی سەربەخۆ و بە مۆرکی خۆی بخولقێنێ کە بە سەرنجدان بە ئەدەبی زارەکی، منداڵی کورد پێم وایە زمانی کوردی و نووسەری کورد بۆی دەکرێ ئەو ئیقلیمە سەربەخۆیە بخولقێنێ کە منداڵی کورد تێیدا گەشە بکات و هەڵوەدای ئیقلیمە بیانییەکان نەبێت. ئەدەبیاتی منداڵان هەوەڵ زمانی پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی مرۆڤە و ئەگەر نووسەری کورد بەم بابەتە گرینگە نەزانێ، شوناسی نەتەوەیی منداڵانی داهاتوو شوناسێکی کوردی نییە و نقوستان و شێواوە و بە داخەوە هەموو ئەوانەش بە هۆی غیابی مەعریفەی ئەدەبی منداڵانە لە ناو نووسەرانی کورددا. هەڵبەت هۆی دیکەش هەن کە لێرەدا بواری باس کردنیان نییە.

* بەشێک لە ئەدەبیاتی زارەکی ئێمە لای لایە و لاواندنی منداڵە کە گشتیان لە زاری دایکەکان هەڵقوڵێ. ئایا دەتوانین بڵێین ئەم بەشە لە ئەدەبیاتی زارەکی بەستێنێک بۆ ئەدەبیاتی منداڵان لە نێو ئێمەدا ساز دەکات؟

– بنەماڵە یەکەمین و گرینگترین یەکەی بەشدارە لە گەشەکردنی منداڵاندا، هەرچەند لەوڕۆکەدا جیهانی نوێ هەوڵ دەدا ئەرکی بارهێنانی منداڵان بەسەر یەکە جیاوازەکان دابەش بکات و تەنیا بارهێنانی دەروونی و سۆزداری منداڵانی خستووەتە ئەستۆی بنەماڵە، بەڵام لەوەڕا کە بارهێنانی منداڵان لە بنەماڵە ڕایە، بنەماڵە ڕۆڵی خۆی لە هاندانی منداڵ بۆ خوێندنەوە لەسەر بێشکەڕا دەست پێدەکا و دەکرێ بڵێین "لایە لایە"کان یەکەمین پێوەندی نێوان منداڵ و ئەدەبیاتە و یەکەمین بنەمای سۆزداری منداڵانە. ئەم بەشە لە ئەدەبیات سەرەڕای ئەوەی کە هێمنایەتی سۆزداری دەبەخشێتە

منداڵ، هاوکات دەرفەتەکانی زمانی دایکی بە منداڵ دەناسێنێ. وێڕای ئەوەش منداڵ لەگەڵ جوانییەکانی جیهانی مۆسیقایی و ڕوحی سیحراوی شیعر ئاشنا دەکات، هەروەها لایە لایە هەوەڵ پێشانگای دەردەکانی کۆمەڵگایە کە لە زەینی نابەئاگای منداڵدا دەمێنێتەوە و لە کاتی خۆیدا دەردەکان دەناسێتەوە، سەرەڕای ئەوە کە لایە لایە تایبەتی ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆرە، بەڵام تا ئێستا و هەمیشەش هەوێنی شیعری شاعیرانی ئەدەبی منداڵ، هەروەها شاعیرانی تریش بووە، لایە لایە کۆنترین شیعرە نەنووسراوەکانی دایکەکانن کە هەمووی دایکەکان بەبێ ئەوەی بزانن چۆن و چلۆن فێری بوون، دەیزانن و بۆ منداڵانی دەڵێنەوە. ڕاستییەکەی کاتێک باسی ئەدەبی منداڵان دەکرێ، بە بێ لایە لایەکان نابێ باسی بکرێ، چونکە هەر وەک باسم کرد خاڵی دەسپێکی ئەدەبی منداڵان لەوێ ڕایە، کەوابوو ئێستا و هەمیشەش لایە لایە دەتوانێ ئەو دەرفەتانە بە نووسەر و شاعیری کورد ببەخشێ بۆ نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعر، تەنانەت موزیک و گۆرانی، ئەو قاڵبە کە دەکەوێتە خانەیەکی تری هونەرەوە و بە داخەوە یەکجار لاوازە.

* ڕوونە کە ئەدەبیاتی منداڵان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێوە ساڵانێک لەو بەشەدا وەک مامۆستا کار دەکەن. بەڕای ئێوە ئەو تایبەتمەندییانە چین؟

- تایبەتمەندی ئەدەبی منداڵان دەگەڕێتەوە سەر جیاوازییەکانی منداڵ لەگەڵ مرۆڤی گەورە ساڵ کە ئەگەر گرینگی پێ نەدرێ و نووسەری ئەدەبی منداڵان سەرنجیان نەداتێ و ڕەچاویان نەکا، نەک تەنیا ئەدەبی بە پێز قەت ناخوڵقێ، بەڵکو دەبێتە هۆی چەواشەکردنی کۆمەڵگای داهاتوو. ئەدەبیاتی منداڵان بۆ مرۆڤێکی کەم ئەزموون و نائاگا لە جیهانی واقیع دەنووسرێ، ئەوە یەکەمین خاڵە کە دەبێ نووسەری منداڵان ڕەچاوی بکات، یانی ئەو ئەزموونە و ئەو ئێش و ئاکارانەی بۆ وێنە لە چیرۆکێکی کوردی دەبێتە ناوەڕۆک، دەبێ بەردەنگی کەم تەمەن و منداڵ بە تەواوی بیفامێ و لێی تێ بگات و بە واتایەکی تر لەگەڵ تەمەنی کەم و مەودای کورتی ئەزموونەکانی ژیانی ئەو بیخوێنێتەوە و ئاشنابێت.

جگە لەوەش منداڵ ئەو توانایییەی نییە بۆ وێنە سەعاتێک گوێ بۆ شیعرێکی ڕەوایی، یان چیرۆکێک شل بکات، کەوابوو نووسەری ئەدەبی منداڵان دەبێ ئەوە بزانێ کە بەرهەمێک بۆ بەردەنگی کەم تەمەنی ئەو، جێی سەرنج دەبێ کە بە تەواوی کورت و پڕ مانا و جێی تێگەیشتن بێت، نەک بەرهەمێکی دووردرێژ و پڕ لە کارەساتی غەوارە و نامۆ کە منداڵ هیچی لێ تێ ناگات، جاری وایە بەرهەمی وا دەبینی بۆ وێنە کتێبێک کە تەنیا یەک شیعری ڕەوایی و تا دەچێ کۆتایی شیعرەکە گێڕانەوەی ئەو ڕەوایەتەیە لە قاڵبی نەزمدا، نە تەنیا منداڵ، بەڵکو گەورە ساڵیش سەرەتاکەی بیر دەچێتەوە! وێدەچێ نووسەر تەنیا تەمەنی خۆی و منداڵی بە زایە بردبێ. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم جۆرە نووسینە دووردرێژ و پڕ لە واتای نامۆیە، ناتوانێ سەرکەوتوو بێ و هەروەک باسم کرد زەرەریان لە قازانجیان زیاترە، هەروەها نووسەر دەبێ ئەوەی لە بیر بێ کە بەردەنگی ئەو تەنیا بە دوای شادی و خۆشییەوەیە و بە تەواوی هێز و هەوڵی داهێنانەوە تێدەکۆشێ بۆ دەرفەتە پڕ لە شادییەکان، لە شوێنێک دەگەڕێ بۆ یاری و زۆر بە دەگمەن نووسەری کورد سەرنجیان داوەتە ئەو لایەنانە. لە ناو وڵاتانی بیانیدا هیچ کەس بە قەد "سیلڤێرستاین" بە جوانی نەیتوانیوە ئەو ئاقارە ئەستەمانەی ئەدەبی منداڵان داگیر بکات و بە تەواوی بچێتە نێو جیهانی منداڵەوە و یاری لەگەڵ بکات. هەڵبەت نووسەری دیکەش زۆرن. کەسانی وەک "پیتێر بیکسێل"، "دەن گاتمەن"، "مەگان مەک دانلد"، "ڕۆڵد داڵ"، "لوویس کارۆل" و "باربارا پارک" و زۆری دیش هەر کام هەوڵی جیددیان بۆ ئەدەبی منداڵان و مێرمنداڵان داوە و هەریەکەشیان بە تەواوی پابەندی یاسا و ڕێساکانی ئەو ژانر و فەزا ئەدەبییە بوون کە بەرهەمیان تێدا خوڵقاندووە، کەچی زۆر جار شیعر و چیرۆکی ئەدەبی منداڵانی کورد دەبێتە گۆڕەپانی پەند و ئامۆژگاری و منداڵ دەتارێنێ و دیسان دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی لە خوێندنەوە و پچڕانی پێوەندی نێوان ئەدەبیات و منداڵ، کەوابوو ئەفراندنی جیهانێکی منداڵانە و نزیک لەگەڵ خواستەکانی منداڵ، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی منداڵان. نووسەری ئەدەبی منداڵان دەبێ ناسیاوییەکی ڕاستەقینەی لە منداڵ هەبێت. یانی دەبێ هەوڵ بدا منداڵ لە چاوی منداڵەکە ڕا ببینێ نەک ئەوەی بۆ منداڵێک بنووسێ کە بۆخۆی بیری لێ دەکاتەوە و بە ئاواتی دەخوازێ. نووسەر دەبێ هەوڵ بدا بزانێ

بەردەنگەکەی کێیــە، تواناییــەکانی تا چ ڕادەیەکە؟ هۆگرییەکانی چییە؟ چلۆن گەشە دەکات و گەورە دەبێ و لە چ جیـهـانێکی زەینی واقیـعیـدا دەژی. پاش ئەوەش دەبێ نووسەر هەوڵ بدا بۆ خۆی ڕوون بکاتەوە کە بۆ کام گـرووپی تەمـەن دەنـووسێ، چونکە هەریەک لـەو گـرووپە تەمەنانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە و نووسەر دەبێ هەوڵ بدا ئەو جیـهـانانە و ئەو تەمـەنانە لەگەڵ بەردەنگەکەی تاقی بکاتەوە.

* بەشــێـک لە ئەدەبیــاتی منداڵان لە کــوردیدا، ئەدەبیاتی وەرگێڕانە، ئەوە لە کاتێکدایە کە منداڵ دەبێت لەگەڵ دابونەریت و ئاکاری کۆمەڵگای خۆی ئاشنابێت. وێ دەچێت بەم شێوە کار کردن لە ئەدەبیاتی منداڵان زۆر بەکــەڵکی منداڵی کــورد نەیەت. بە ڕوانگەی ئێــوە چارەسەری ئەم کێشەیە چۆن دەکرێت؟

– هەر وەک پێشتر باسم کرد، منداڵی ئەوڕۆی کورد بە توندی لە ژێر تەوژمی ئەدەب و هونەری بیـانیـدایە، جگە لەوەی کە لە دەرەوە ئەو تەوژمە هەر ساتەی چەند بەرابەر دەبێت، لە ناوەوەش باخچـەکـانی منداڵان، تەنانەت وا هەیە بنەماڵەکـانیش پەرەی پێ دەدەن، ئەمرۆکە زۆربەی دایک و باوکـەکان بە هۆی ئیشوکـار و سەرقـاڵ بوون بە بواری ئابوورییـەوە دەرفـەتی ئەوەیان نییـە کـە کـات و ساتێکی وا بۆ بارهێنانی منداڵەکەیان تەرخان بکەن کە تێــیـدا ڕاگـوێسـتنی فـەرهەنگ و فـۆلکلۆر بگونجێ و ڕێگەیەک بۆ بناغە دانانی شوناسی نەتەوەیی دەستەبەر بکات. زۆربەی منـداڵان، یان لە ژێر تەوژمی مــاهـوارە (سـەتەلایت) و بەرهەمـەکـانی کـارتۆنی بیـانیـدا گـەورە دەبن و گـەشـە دەکەن و بە داخـەوە زۆربەی جـاران زمـانی دایکی تەنیا لە ڕادەی پێوەندیدا دەزانن و هەرگیز کەڵک وەرگرتنی وان لە زمـانی دایکی ناگاتە ئاستی ناسیاری قـووڵ، لە لایەکی تریشـەوە هیچ چارەیەک نییـە بۆ دەرباز بوون لـەو تەوژمــە و بنـەمــاڵە بۆی ناکــرێ ئەو بوارانە قەدەغە بکات و منداڵی لێ دووربخاتەوە، بەڵکو لێرەدا ئەرکـەکـە دەکـەوێتـە سـەر شـانی ڕاگـەیەن و دەزگـا خۆجییـەکـانی ڕاگەیاندن و نووسـەری کورد، لە غـیـابی دەقی داهێنـەرانەی ئەدەبی منداڵانەی کـوردی، ئەوەش کە بە ناوی ئەدەبی وەرگـێڕانەوە لە ناو ئێـمـەدا هەیە، زیاتر شوناسێکی بیانی دەبەخشێتە بەردەنگ و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵی کـورد ئەدەب و کـولتـووری خـۆی بە باشی نەناسێ و بە هەندی وەرنەگـــرێ. لە لایـەکی دیکەشەوە بەرهەمە وەرگێڕاوەکانیش زۆر جار بەرهەمی بە هێـز و پێـز نین. وەرگـێـڕانی ئەزمــوونی بیــانی بۆ ڕاگــوێزتنی فــۆرم و ناوەرۆکی ئەدەبی منداڵانی گــەلان پێویستە و شان بە شانی ئەویش دەبێ نووسەری کورد لە بیری ئەفراندن و خوڵقاندنی جیهانی خەیاڵ و فانتازیای تایبـەت بە منداڵی کـورد بێت، ئەو پانتـاییـانەی کـە لە ئەدەبی زارەکـیـدا شـاراوەن، دەتوانن دەسـپـێکی باش بۆ خوڵقـاندنی ئیـقلیـمێکی سـەربەخـۆبن، نووسـەری کـورد دەتوانێ بە خــوێندنەوەی مــێــژووی ئەدەبی منداڵان لە وڵاتانی تر بە تەواوی کوێرە ڕێگاکانی بینا کردنی ئاقاری ســەربەخــۆ بدۆزێتــەوە و لـەوە تێ بگات لە کــوێڕا بۆ دۆزینەوەی دەلاقەکانی گەشەی ئەدەبی و فـانتـێزی هەوڵ بدا. ئەوەشـمـان لە بیـر بێت کە شیـعـر و چیـرۆک تەنیا خانەی ئەدەبی منداڵان نین و نووسـەری ئەو وارە نـابێ لە ئەزموونی خانەکانی دیکەی ئەدەبی منداڵان وەک کۆمیک ئیسـتریپ و ڕۆمان و چیرۆکی پەری و جندۆکە و...تاد. بترسێ کـە بە دەگمـەنیش لە ئێسـتـای ئەدەبی منداڵانی کورددا دەست ناکەون.

**تێبینی:**

(*) خاتوو "لەیلاساڵحی"شاعیر، نووسەر و وەرگێڕە، جــودا لەوەی لە بواری توێژینەوەی مــێــژووی کــورد و نووســــینی ئەدەبیـــــدا لە ژنـانی چالاکی ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـانە؛ یەکـێک لە چالاکـیـەکـانی دیکەی ئەو نووسـەرە گـرینگیـدان بە ئەدەبیـات و پەروەردەی هونەری منداڵ و مـێـرمنداڵانە و لەو بوارەدا تا ئێــسـتـا چەندان بەرهەمی لە لایەن بڵاوکەرەوە ناسراوەکانی ئێران لێ بڵاو کـراوەتەوە، هەروەها سـەرنووسـەری گـۆڤـاری "ڕۆچنە"ی تایبەتی منداڵانە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "کانی"یە. تا ئێستا ئەو کتێبانەی بڵاو کردووەتەوە:

١– شیعری ژنانی جیهان؛ وەرگێڕان و ڕەخنەی شیعری ژنانی جیـهـان لە سـەردەمی کـەوناوارە تا شـاعـیـرانی مۆدێرن.

٢– ماسی کۆلکە زێڕینە.

٣– کایە بە قامکەکان.

٤– بەسەرهاتی ئەو شێرەی کە خەمبار بوو.